Zanco Journal of Law and Politics
Vol (23), No (39), 2024
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# چەمکی شوناس لە فەلسەفەی ئامارتیا سێن•

هاوکار رسول محمد
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمێل: hawkar.mohammed@su.edu.krd
پ. ی. د. امین فرج شریف
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمێل: amin.sharif@su.edu.krd

ID No. 4016
(PP 163 - 183)
https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.8
Received: 16/04/2025
Accepted: 27/05/2025
Published: 27/07/2024
وشە کلیلییەکان :
ئامارتیا سێن، شوناس، وەهمەکانی شوناس، تاک شوناسی، فرەکولتوری

## پوختە

شوناس یەکێکە لەو پرسانەی لە ناو بیریارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا، گفتوگۆیەکی زۆری لە بارەیەوە دەکرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا و ئایدۆلۆژیاکان نەیانتوانیوە چارەسەری گشتگیر بۆ ئەو پرسە بخەنەڕوو. لە دونیای ئەمڕۆدا پرسی شوناس لەسەر ئاستەکانی تاک، گروپ و کۆمەڵگاکان بووەتە قەیران، لەبەرئەوە کۆمەڵێک دیدگای جیاواز بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە خراوەتە ڕوو. فەیلەسوفی هیندی ئامارتیا سێن کە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە و یەکێکە لە بیریارانەی کە سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی هزری و ئایدۆلۆژیایەک نییە، جگە لەوەی خاوەنی ژمارەیەک تێزی هزرییە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی بە تایبەت لە گەشەپێدانی بەردەوام، ڕێبازی توانا و دادپەروەری، لە هەمان کاتدا ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ شوناس خستووەتەڕوو.
سێن بە هۆی کاریگەری ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی کە خۆی بینیویەتی، هەروەها ئەزمونێکی کەسی کە پەیوەستە بە دابەشکردنی خاکی هیند، تاوتوێی بابەتی شوناس کردووە. سێن تاک شوناسی و سەپاندنی تەنها شوناسێک بە وەهمەکانی شوناسی ناو بردوون سێن شوناس بە بژاردەیەکی عەقڵانی دادەنێت کە لە بەستێنی جیاوازدا بەهای خۆی هەیە و پێی وایە مرۆڤ دەسەڵات و ویستی لە بەدەست هێنانی هەندێک لە شوناسەکان نەبووە، بەڵام هەندێکی دیکەی بە ئازادی خۆی بە دەست هێناوە. سێن تاک شوناسی لەسەر بنەمای ئاینی، نەتەوەیی یاخود هەر تاک بنەمایەکی دیکە ڕەت دەکاتەوە و پشتیوانی فرەشوناسی دەکات. لە لایەکی دیکەوە سێن تێزی پێکدادانی شارستانیەتیەکانی هەنتینگتۆن ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە داتاشینی تاک شوناسێکە لەسەر تاکە بنەمای شارستانیەت، پەسندکراو نییە.
سێن سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ بەشێک لە بۆچوونەکانی کۆمەڵگەراییەکان یاخود کۆمەڵییەکان (Communitarians) نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و پرسی شوناس، لە هەمان کاتیشدا لەسەر چۆنیەتی پەیڕەوکردنی سیاسەتی فرەکولتووری

• ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە بەشێک لە تێزی قوتابی دکتۆرا ( هاوکار رسول محمد) بەناونیشانی (قەیرانی شوناس لە تیۆری سیاسی هاوچەرخدا: توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان فرانسیس فۆکۆیاما، چارلس تایلۆر و ئامارتیا سێن)، لە کۆلێژی زانسیە سیاسیەکانی زانکۆی سەڵاحەدین پێشکەش دەکرێت.

(Multiculturalism) ڕەخنەیان لێ دەگرێت و پێی وایە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی توندوتیژی و ئاشتی کۆمەڵایەتی تێک دەچێت، سێن ئاماژە بەوە دەدات کە سیاسەتەکانی شوناس (Identity Politics) هانی جیابوونەوەی گروپەکان دەدات و توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. سێن بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی زیاتر پێکەوەگونجاو، پێشنیازی شوناسی هاوبەشی مرۆیی دەکات.

## 1-پێشەکی

شوناس لە ناو فەلسەفە و هزری سیاسی هاوچەرخدا یەکێکە لەو پرسانەی کە ئاڵۆزە و بەردەوام دەخرێتە بەرباس و تاوتوێ دەکرێت. شوناس پەیوەستە بە خود، ئاگایی، ئەوانی دیکە و جیاوازییەکان، بۆیەش چەمکی شوناس بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیووە. تێڕوانینەکان بۆ شوناس هەر لە یۆنانەوە دەستی پێکردووە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە کە هەندێکیان ئەم پرسە پەیوەست دەکەن بە ڕوانگەی دەروونناسی و هەندێکی دیکە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم پرسە بە گوێرەی گۆڕانکارییە خودییەکانی مرۆڤ و بەرەو پێشڤەچوونە خێراکانی مرۆڤ زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت. ئێستا شوناس نەک بۆ نەتەوە و بەڵکو بۆ گروپ و تاکیش زۆر گرنگە. داواکاری دانپێدانانی تاک یاخود گروپ بە شوناسەکەی یەکێکە لەو کێشەزایانەی ئێستا لە هەموو کات زیاتر زەق بووەتەوە و گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێت.

شوناس لە ناو زانستە سیاسییەکاندا زیاتر تیشک دەخاتە سەر ڕەچەڵەک، تاک و نەتەوە. بیریارانی قوتابخانە ئایدۆلۆژییەکان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تێز و بۆچوون هەوڵ دەدەن کە وێنای باشترین شێوازی شوناس لە ناو ئەو قوتابخانانە بکەن. لیبرالیزم لەسەر ئاستەکانی تاکگەرایی (Individualism) و کۆمەڵگەرایی کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن. تاکگەرایی جەوهەری شوناس بە ڕۆڵ و پێگەی تاک هەژمار دەکەن و پێیان وایە کە تاک شوناس دروست دەکات و کۆمەڵییەکانیش گروپ بە چەقی شوناس دادەنێن و پێیان وایە تاک تەنها ئەو شوناسە ئاشکرا دەکات کە هەیەتی و ئەوە گروپە ئەو شوناسە دروست دەکات و دانی پێدا دەنێت. پرسی شوناس لە ناو ئایدۆلۆژیای مارکسی پەیوەستە بە ململانێی چینەکان و هەستی پابەندبوون بە چینێک.

ئامارتیا سێن تێڕوانینێکی جیاوازی لەو قوتابخانانەی سەرەوە خستووەتە ڕوو. ناوبراو پێی وایە کە شوناس پەیوەستە بە عەقڵانیەت، چونکە لە دیدی سێن مرۆڤ هەم بە عەقڵی خۆی شوناس دروست دەکات، هەمیش لە حاڵەتی فرەشوناسیدا عەقڵ شوناسێک لە پێش ئەوانی دیکەوە دادەنێت بە گوێرەی بارودۆخ. سێن پەیوەندی شوناس و توندوتیژی ڕوون دەکاتەوە کە تاک شوناسی یاخود سەپاندنی شوناسێک بە تەنها، دەرئەنجامی نەرێنی دەبێت، چونکە مەودای جیاوازییەکان لە نێوان مرۆڤەکان زیاتر دەکات و دەرگای توندوتیژی دەکاتەوە.

سێن جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی لە یەک کاتدا ئینتیمای بۆ ژمارەیەک گروپ هەیە، بۆیە مرۆڤ فرەشوناسە کە ناکرێت تەنها شوناسێک بکرێتە پێوەری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان. سێن تاک شوناس بە مەترسی دەزانێت چونکە مرۆڤ تەنها لەسەر ئەو بنەمایەی کە شوناسەکەی لەسەر بونیاد ناوە، هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکات. سێن تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت شوناس بە دەست بهێنێت وەکو پیشەیەک. سێن داوای دانپێدانان بە فرە شوناسی دەکات لە پێناوی پێکەوەژیانی هەمووان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕەهەندە تیۆریی و فەلسەفییەکانی چەمکی شوناس لە لای ئامارتیا سێن بخاتە ڕوو و شی بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئاماژە دان بە پاشخانەی ئەو چەمکە لە دیدی سێن و ڕەچاوکردنی بەستێن یان ناوکۆ (سیاق-Context). ئاماژەدان بە تایبەتمەندییەکانی شوناس و مەترسییەکانی تاک شوناسی و فرەکولتووری و سیاسەتەکانی شوناس. سێن دەیەوێت دەربازێک بۆ قەیرانی شوناس بدۆزێتەوە کە لیبرالییەکان بە هەردوو ئاراستەکەیەوە تووشی هاتوون.

**1-1 گرنگی توێژینەوە:**

خودی پرسی شوناس گرنگییەکی زۆری هەیە لە ناو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا و یەکێکە لە کێشەزاکانی هزری و فەلسەفەیی و تا ڕادەیەک بەشێک لە ململانێیەکان لەسەر ئەم پرسەیە، بۆیە تاوتوێکردن ئەم پرسە و

شیکردنەوەی تێگەیشتنەکان لەو بابەتە بایەخی هەیە. هەروەها توێژینەوەکە بۆ شرۆڤەکردنی چەمکی شوناس پشتی بە تێڕوانینێکی فەلسەفەی بەستووە کە تیایدا تێڕوانینەکانی ئامارتیا سێن بۆ پرسی شوناس خراوەتەڕوو. یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دیدگای فەلسەفەی سێن لە هەمبەر پەیوەندی نێوان شوناس و توندوتیژی دەخاتە ڕوو جیا لەوەش لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە گرنگی بۆچوونەکانی سێن دەردەکەوێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کەلێنانەی لە ناو ئایدۆلۆژیاکاندا پەیدابووە سەبارەت بە پرسی شوناس. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی شیکردنەوەی هزرەکانی سێن بایەخی عەقڵانیەت لە پەیوەندی بە شوناس ڕوون دەبێتەوە.

**1-2 ئامانجەکانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە ئامانجیەتی کە دیدگای سێن سەبارەت بە چەمکی شوناس و تایبەتمەندییەکانی بخاتە ڕوو و شیبکاتەوە، هەروەها ئاماژە بە ڕۆڵی عەقڵ بدات لە دروستکردن و لە پێشداانانی شوناس، جیا لەوەش توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شرۆڤەی زیانەکانی تاک شوناسی و تێزی پێکدادانی شارستانیەتەکان و سوودەکانی فرەشوناسی بکات. لە لایەکی دیکەوە توێژینەوەکە دەیەوێت ڕوانگەی سێن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی شوناس وەکو قەیرانێک لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا شی بکاتەوە و تاوتوێی پێشنیازێکی سێن بکات سەبارەت بە شوناسی هاوبەشی مرۆیی.

**1-3 کێشەزای توێژینەوە:**

کێشەزای توێژینەوەکە لە خودی چەمکی شوناس و تێگەیشتنی سێنە لە چەمکی شوناس، چونکە چەمکی شوناس کێشەزاییە بە هۆی زۆری ڕوانگە و دیدگاکان لەو بارەیەوە، هەروەها تێگەیشتن لە چوارچێوەی فەلسەفەی سێن بۆ چەمکی شوناس سەخت و ئاڵۆزە، کە بێگومان توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەو کێشەزایانە چارەسەر بکات لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە:

- فەلسەفەی سێن بۆ شوناس چۆنە، بە چ شێوەیەک یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەزاکانی پەیوەست بە شوناس لە کۆمەڵگاکاندا؟
- پەیوەندی شوناس و توندوتیژی لە ناو هزری ئامارتیا سێن چۆن باس کراوە؟

**1-4 میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی-شیکاری پەیڕەو کردووە، بە تایبەت لە خستنەڕو و وەسفکردنی چوارچێوەی فەلسەفی سێن بۆ شوناس، هەروەها شرۆڤەی بابەتەکانی تاک شوناسی، فرەشوناسی. جیا لەوەش ئاماژە پەیوەندی نێوان شوناس و توندوتیژی کراوە. هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنی قوڵ لە چەمک شوناس لە ڕوانگەی سێن، هەروەها خوێنەر زووتر و ساناتر لەگەڵ چوارچێوەی فەلسەفی سێن ئاشنا دەبێت و خێراتر لە ناکۆکی سێن لەگەڵ هزرە سیاسییەکانی دیکە سەبارەت بە پرسی شوناس حاڵی دەبێت.

**1-5 پەیکەربەندی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە (2) دوو باس پێک دێت. لە باسی یەکەمدا کە چوارچێوەیەکی تیۆرییە، چەمکی شوناس، جۆرەکانی شوناس دەخرێتە ڕوو. لە باسی دووەمدا چەمکی شوناس لە ناو فەلسەفەی ئامارتیا سێن باس دەکرێت کە تیایدا باس لە چەمکی شوناس، تایبەتمەندییەکانی و وەهمەکانی شوناس دەخرێتە بەر توێژینەوە، هەروەها مەترسییەکانی سێن لە هەمبەر سیاسەتەکانی شوناس و فرەکولتوری باس دەکرێت و لە کۆتاییشدا پێشنیازێکی سێن سەبارەت بە دروستکردنی شوناسێکی هاوبەشی مرۆیی ڕاڤە دەکرێت.

## 2- شوناس

**2-1: چەمکی شوناس:**

چەمکی شوناس هاوشێوەی زۆربەی چەمکەکانی دیکە زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناتوانرێت وێناکردنێکی گشتگیر و گشتی بۆ بکرێت کە ڕەخنەی لێ نەگیرێت و هەموو تایبەتمەندی و ڕایەڵەکانی پێناسەکردنێکی تەواو لە خۆ بگرێت، هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەزایەش بۆ زۆری دیدگا و تێڕوانینەکان و جیاوازی قوتابخانە هزرییەکان و ئایدۆلۆژیاکان دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە چەمکی شوناس و تایبەتمەندییەکانی. خودی چەمکی شوناس پەیوەستە بە سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیان و

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

زانین، هەر لە شوناسی کەسی بگرە تاوەکو سەردەمی ئێستا کە شوناسی گریمانەیی بوونی هەیە. لە پێناسەکردنی چەمکی شوناسدا دەبێت ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی بەستێن یان ناوکۆ (Context) بدەین کە مرۆڤ بە گوێرەی بارودۆخ و بەستێن و ڕەوشی جیاواز ئاماژە بە شوناسی خۆی دەدات یاخود شوناسێک هەڵدەبژرێت بۆ ئەوەی خۆی پێ بناسێنێت. ئەم بەستێنە بە گوێرەی کات و شوێن، دەگۆڕدرێت، کە گۆڕانکاریش کاریگەری لەسەر شوناس دەبێت[1]. شوناس هاوشێوەی زۆربەی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دیکە بە گۆڕانکارییەکانی ژیان، شۆڕشەکانی پیشەسازی و جیهانگیری کاریگەری بووە، ئەم کاریگەریانەش هێندەی دیکەی ئەم پرسەیان ئاڵۆز کردووە.

چەمکی شوناس ئاڵۆزە و شێوەی چەمکەکەش بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی تاک، دینامیکیەتی خێزان، هۆکارە مێژووییەکان، بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگۆڕدرێت، ئەم چەمکە وەڵامی پرسیاری ئەوەی دەداتەوە کە من کێم؟ یاخود تایبەتمەندی کەسی دەخاتە ڕوو یان پەیام دەگەیەنێت. شوناس بەردەوام وەڵامی پرسیاری ناساندن دەداتەوە کە مرۆڤ بێت لەسەر ناساندنی خودی یان پیشەیی یان تایبەتمەندی یان نەتەوەیی و ئەگەر مرۆڤیش نەبێت ئەوا دەبێتە هۆی ناسینەوە ئەو شتەی کە شوناسەکەی خراوەتە ڕوو[2].

چەمکی شوناس لە زمانی ئینگلیزی بە (Identity)، لە زمانی فەڕەنسیدا (Identité)ی بەکارهێنراوە کە لە بنچینەدا لە وشەی (Identitas)ی زمانی لاتینیەوە وەرگیراوە کە ئەو مانایانەی گەیاندووە: (هەمان شت، ئەوە شتەیە کە هەیە، ئەو شتەی کە سروشتێکی هەیە لە شتی دیکە ناچێت)، هەروەها لە زمانی عەرەبیش (الهوية) بەکاردەهێنرێت[3]. لە زمانی کوردیدا لە بەرانبەر ئەو چەمکەدا، شوناس[4]، ناسنامە [5] و هەندێک جاریش پێناسە[6] بەکاردەهێنرێت.

لە ڕووی زاراوەیی (الاصطلاحي)یەوە پێناسەیەکی یەکگرتوومان بۆ شوناس نییە وەک چۆن بۆ چەمکەکانی دیکەش نیمانە، چونکە شوناس پەیوەستە بە هەموو بوارەکانی ژیان و سەرجەم یەکەکانی زانین، بۆیەش تێڕوانین و لێکدانەوەکان بۆ شوناس هەمەجۆرن و هەر بوارێکی زانستی بە شێوەیەکی جیاواز لە شوناس دەڕوانێت کە جیاوازە لە گۆشەنیگای بوارەکانی دیکە. بوارەکانی فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی کاری زیاتریان لەسەر شوناس کردووە و زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قوڵ بوونەتەوە، بە بەراورد بە بوارەکانی دیکەی زانست. لەبەرئەوە شوناس لە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکێکە لە پرسە گفتوگۆئامێزەکان کە بەردەوام جێگەی تاوتوێکردن و گەنگەشەکردنە.

فەلسەفە بە دایکی زانستەکان دادەنرێت، بۆیە وا پێویست دەکات یەکەمین جار لەو ڕوانگەیەوە سەیری شوناس بکەین. شوناس لە ناو فەلسەفەدا تێڕوانینی جیاوازی لە بارەیەوە هەیە، چونکە هەر فەیلەسوفێک لە کات و ساتێکی دیاریکراودا باسی ئەم پرسەی کردووە کە ئەو فەیلەسوفانەش لە ڕووی بەستێن و چوارچێوەی بیرکردنەوەیان، هزری و ئایدۆلۆژییەوە لێک جیاوازن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە بواری فەلسەفیدا، شوناس زیاتر پەیوەستە بە بوون و گرنگی هەبوونەکەی. چەمکی شوناس بۆ یەکەمین جار لە بواری فەلسەفیدا بەکارهێنراوە دواتر بووەتە یەکێک لە چەمکەکانی

[1] Gerald F. Gaus, Political Concepts and Political Theories, Westview Press, first edition, United States, 2000, p.64.

[2] Beverly Daniel Tatum, the complexity of identity: “Who am I?” In Adams, M., Blumenfeld, W. J., Hackman, H. W., Zuniga, X., Peters, M. L. (Eds.), Readings for diversity and social justice: An anthology on racism, sexism, anti-semitism, heterosexism, classism, and ableism, Routledge, First Edition, New York, 2000, p.10.

[3] عفيف البوني، في الهوية القومية العربية، في: رياض زكي قاسم (تحرير)، الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، 2013، ص23.

[4] هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگی کردی-فارسی، سروش، چاپی یەکەم، تاران، 1369، ل 279.

[5] دکتۆر نوری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانونی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004، ل228.

[6] فازڵ نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیاری، چاپی سێیەم، سلێمانی، 2015، ل 1320، هەروەها ڕزگار کەریم، فەرهەنگی ژیر: عەرەبی-کوردی، زنجیرەی (52) لە پڕۆژەی 100 کتێبی کوردی ناوەندی ڕۆشنبیر، سلێمانی، 2010، ل 777.

زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو زانستە سیاسییەکان و دەروونناسی، بەڵام لە ناو فەلسەفەدا مامەڵەیەکی گشتگیر لەگەڵ شوناس دەکرێت[1]. لەبەرئەوەی شوناس پەیوەستە بە بوونی مرۆڤ و گرنگی بوونی مرۆڤ، بۆیە فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتگیر مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسەدا کردووە.

چەمکی شوناس لە کۆمەڵناسیدا، پەیوەستە بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی کە تاک یان گروپ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییدا هەیەتی و تێیدا دەژیت. لە ڕووی دەروونییەوە ئەو چەمکە پەیوەستە بە پێکهێنەرە بایۆلۆجی و دەروونییەکانی کەسایەتی مرۆڤ[2]. زانای دەروونناسی ئەمریکی ئیریک ئیریکسۆن (1902-1994)، شوناس بە قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤەوە پەیوەست دەکات. ناوبراو قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤی بە (8) هەشت قۆناغ دابەش کردووە کە لە قۆناغی پێنجەم کە هەرزەکارییە و ماوەکەی لە نێوان (12-20) ساڵی دایە، هەرزەکار لەو ماوەیەی تەمەنیدا بە دوای شوناسی خۆیدا دەگەڕێت[3]. هەندێک لە تێڕوانینەکان سەبارەت بە شوناس لە ناو تیۆرە سیاسییەکاندا پشتیان بەم تێڕوانینەی ئیریکسۆن بەستووە لە شرۆڤەکردنی پرسی شوناسدا، وەکو بیریاری سیاسی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما [4].

وو سیاسیەکاندا، شوناس ئەو تایبەتمەندی بنەڕەتیانەیە کە تاک و گروپ و نەتەوە پێیان دەناسرێتەوە[5]. جێگەی سەرنجە تاوتوێکردنی پرسی شوناس لە ناو زانستە سیاسییەکاندا هاوشانی کات، تەنها لەو ئاستانەدا نەوەستاوە بەڵکو جگە لە باسکردنی شوناس لە ئاستی بچووک (Micro) کە تاکە، گەورە (Macro) کە کۆمەڵگایە یاخود وڵاتە، ئێستا گەنگەشەی شوناس دەکرێت لەسەر گەورەترین ئاست (Meta) کە ئاستێکی جیهانییە و داوا دەکرێت کە شوناسێکی مرۆیی جیهانی دروست بکرێت[6]. بەم جۆرە لە ناو زانستە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی وردتر لە ئاستەکانی تاک، گروپ، کۆمەڵگە، دامەزراوەکان و جیهانییدا، شوناس شرۆڤە دەکرێت و تێزە نوێیەکانیش هەر لەو چوارچێوەیەدان.

**2-2: هەندێک جۆری شوناس:**

شوناس بە زۆر شێوە و لەسەر زۆر ئاست دابەش و پۆلێن دەکرێت، کە بەشێک لەو دابەشکاریانە لەسەر بنەمای جوگرافی، مێژووی، پیشەیی، شارستانی و ئاینی....هتد ئەنجام دەدرێن. لەبەرئەوەی شوناس وابەستەیە بە سەرجەم بوارەکانی ژین و کایەکانی زانین. هەر جۆرێک لە شوناس پەیوەستە بە بوارێکی زانین و زانست، بۆیەش ئەم جۆرە شوناس لە ناو ئەو زانستەدا زیاتر باس دەکرێت. لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەک جۆری شوناس لە ئاستەکانی تاک، گروپ، کۆمەڵگە، دامەزراوەکان و جیهانییدا دەدەین، کە هەر جۆرێکیان لە بەستێن و کاتی خۆیدا گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی دەکات.

---

[1] عزمي بشارة، تآملات في مسالة الهوية، دورية تبين للدراسات الفكرية والثقافية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، قطر، المجلد (11)، العدد (41)، 2022، ص19-20. https://doi.org/10.31430/KBKI8654

[2] د.بوبكر جيلالي، اللغة والهوية و العولمة: معركة المفاهيم، في: البشير ربوح، السؤال عن الهوية في التآسيس... والنقد... والمستقبل، كلمة للنشر والتوزيع- دار الامان- منشورات الاختلاف-مشورات ضفاف، الطبعة الاولى، تونس-الرباط-الجزائر و بيروت، 2016، ص 163-164.

[3] بيتر كوزين، البحث عن الهوية: الهوية وتشتتها في حياة إيريك إيركسون وأعماله، ت: د.سامر جميل رضوان، دار الكتاب الجامعي، الطبعة الاولى، الامارات العربية المتحدة، 2010، ص 88.

[4] Francis Fukuyama, Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment, Farrar, Straus and Giroux, first edition, New York, 2018, p.9.

[5] Mark Bevir (ed), Encyclopedia of political theory, A-E. Sage, 1st Edition, United States of America, 2010, p.679.

[6] Bhikhu Parekh, A New Politics of Identity: Political Principles for an Interdependent World, Red Globe Press, first edition, UK, 2008, p.26.

**1-2-2: شوناسی کەسی (Personal Identity):** شوناسی کەسی بریتییە لە ڕاستی ڕەهای کەسی و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کەسی[1]. شوناسی کەسی تایبەتمەندییە ڕەهاکانی کەسی، هەڵسوکەوتی کەسی، کار و کاردانەوەکانی کەسی و شێوازێکی تایبەتی کەسی دەگرێتەوە[2]. ئەم جۆرە شوناسە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ڕەگەزی، پێکهاتە و ئەندامانی جەستەیی، خاڵە جیاکەرەوەکانی، بەها و ڕێسای کەسی و حەز و ئارەزووەکانی...هتد.

**2-2-2: شوناسی کۆمەڵایەتی (Social Identity):** پەیوەست بوونی تاکە بە گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە جۆرێک لە پەیوەست بوون و باوەڕبەخۆبوون تێیدا ڕەنگ دەداتەوە و پاڵپشتی مەعنەوی و هێز و باوەڕ بە تاک دەبەخشێت. فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەمریکی جۆرج هێربێرت مێد (1863-1931) بە ئاڵاهەڵگری تیۆری شوناسی کۆمەڵایەتی دادەنرێت[3]. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵناسەکان زیاتر کار لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی دەکەن کە تیایدا پەیوەندی تاک لەگەڵ ئەو گروپەی تێیدا ئەندامە دەخەنە ڕو و شرۆڤە دەکەن.

**3-2-2: شوناسی نەتەوەیی (الهوية القومية- National Identity):** بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و دووبارە ڕاڤەکردنەوەی بەردەوامی شێوەکانی هێماکان، بەهاکان، بیرەوەرییەکان، ئەفسانەکان و نەریتەکان کە لە شێوەی کەلەپوری نەتەوەن کە تاک بەو نەتەوەییەوە گرێدەدات[4]. دەکرێت ئەو جۆرە شوناس بە شێوەیەکی دیکە پێناسە بکرێتەوە کە شوناسی شوناسی نەتەوەیی چیرۆکێکە کە نەتەوەیەک بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، پشت بە ئەزموون دەبەستێت، لەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەدا دروست دەبێت کە نەتەوەییەک تێیدا ژیاوە. دەکرێت شوناسی نەتەوەیی بسەپێنرێت یاخود لە ڕێگەی پەروەردە دابهێنرێت[5]. کەواتە شوناسی نەتەوەیی یان لە ڕێگەی بەها و نەریتەکانەوە یاخود لە ڕێگەی پەروەردەوە دروست دەکرێت. شوناسی نەتەوەیی فراوانترە لە شوناسی نیشتمانی (الهوية الوطنية-Patriot identity)، چونکە زۆرجار شوناسی نەتەوەیی سنووری جوگرافی وڵاتێک یاخود هەرێمێک دەبڕێت، بەڵام شوناسی نیشتمانی وابەستەی سنوورێکی جوگرافییە.

**4-2-2: شوناسی ئاینی (Religious Identity):** شوناسی ئاینی شێوەیەکە لە شوناس کە لەسەر بنەمای پەیوەست بوون تاوەکو باوەڕی ئاینی دروست دەبێت[6]. شوناسی ئاینی ئاماژە بە پابەندبوونی باوەڕی و بڕوای تاکێک دەدات کە ئاینێک یاخود لە گروپێکی ئاینی دیاریکراودا. گەر بە نمونە باس لەوە بکەین کە مسوڵمان گوزارشتە لە تاکێک کە باوەڕی بە بنەما و ڕایەڵەکانی ئاینی ئیسلام هەیە. لە ناو شوناسی ئاینیدا، شوناسی ئاینزایی (الهوية الطائفية)یش بوونی هەیە کە وابەستبوونە بە بنەما و بەهاکانی ئاینزاییەکی دیاریکراو لە ناو ئاینێکدا، وەکو مسوڵمانێکی سوننەمەزهەب، کریستیانێکی پرۆتستانتی...هتد. جێگەی سەرنجە کە شوناسی ئاینزایی هەندێکجار لە پێش شوناسی ئاینییەوە دادەنرێت هەروەکو ئەوەی شیعەکان لە عێراق دەیخەنەڕوو.

**5-2-2: شوناسی گریمانەیی (Virtual Identity):** شوناسی گریمانەیی بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ئاماژە و داتا کە تاک لە پێشکەشکردنی خۆی لە کۆمەڵگە گریمانییە ژمارەییەکاندا بەکاریان دەهێنێت و لەو ڕێگەیەوە کارێک لەگەڵ یەکتری

---

[1] احمد مفلح، في الهوية القومية العربية، في: رياض زكي قاسم (تحرير)، الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، 2013، ص 369.

[2] Bhikhu Parekh, op. cit., pp.10-14.

[3] ئەحمەد گوڵمحەمەدی، بەجیهانیبوون، کولتور، شوناس، و:عوڵا بەهرامی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007، ل220-221.

[4] Anthony D. Smith, Ethno-symbolism and nationalism: A cultural approach, Routledge, 1st Edition, New York, 2009, p.109.

[5] Mahir A. Aziz, The Kurds of Iraq: Nationalism and Identity in Iraqi Kurdistan, I.B. Tauris, Second edition, London, 2015, p.25.

[6] وجيه كوثراني، الهوية، و المواطنة، و الدولة : إشكال في وعي العلاقة أم في بنية الثقافة؟، مجلة التسامح، العمانية للتوزيع والتسويق، العدد (29)، 2010، ص 11.

دەکەن و ئەم جۆرە شوناس ئارەزوومەندانەیە، چونکە تاک بە ئارەزووی خۆی ئەو تایبەتمەندیانە دەست نیشان دەکات[1]. دەکرێت بە ڕوونتر ئاماژە بە شوناسی گریمانەیی بدەین کە ئەو تایبەتمەندییانە کە تاک لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت خۆی پێ دەناسێنێت و لە ڕێگەی ئەو تۆڕانەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بەهای هاوبەش ڕێک دەکەون. ئەم جۆرە شوناسە دوای پەیدابوونی ئینتەرنێت لە کۆتایی سەدەی بیستەم و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک دەرکەوتوون.

### 3. شوناس لە فەلسەفەی ئامارتیا سێن:

فەیلەسوف و بیریار و زانای ئابووری بە ڕەچەڵەک هیندی ئامارتیا سێن* تێز و تیۆر و بۆچوونی جۆراوجۆری لە بوارەکانی ئابووری، فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری و خستووەتە ڕوو. سێن مەیلی بۆ هیچ قوتابخانەیەکی هزری دیاریکراو نییە[2]. بە پشت بەستن بە پاشخان و هزر و تێزەکانی سێن کە هەمەجۆرن، ناتوانرێت لە چوارچێوەیەکی هزری دیاریکراودا یاخود لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا یان قوتابخانەیەکی فەلسەفیدا پۆلێن بکرێت، بۆیەش تێزەکانی ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتین.

---

[1] علاء عبدالرزاق، الهوية الرقمية ودورها في إثارة الازمات الاجتماعية في العراق بعد العام 2003، مجلة جامعة الدفاع، العدد (5)، 2024، ص 223-224.

* ئامارتیا کومار سێن (Amartya Kumar Sen) لە 1933/11/3 لە ناوچەی سانتینیکیتان (Santiniketan) لە دایک بووە کە ئەو ناوچەیە خاکی هیند بووە، بەڵام دوای دابەشکردنی ئەو خاکە بۆ وڵاتەکانی هیند و پاکستان لە ساڵی 1947، ناوچەکە بووەتە بەشێک لە پاکستان، هەروەها دوای ئەوەی بەنگلادیش لە ساڵی 1971 سەربەخۆی خۆی ڕاگەیاند ئەو ناوچەیە بووە بەشێک لە خاکی بەنگلادیش. باوکی سێن پسپۆڕی کیمیا بووە لە زانکۆی دەهاکا (Dahka) کە ئێستا پایتەختی وڵاتی بەنگلادیشە. سێن و کەس و کارەکەی دوای دابەشکردنی خاکی هیند، چوونەتە هیندستان و لەوێ ماونەتەوە. سێن بەکالۆریۆسی لە ئابووری لە زانکۆی کاڵکوتا لە هیندستان خوێندووە، ساڵی 1953 چووەتە بەریتانیا بۆ خوێندنی ماستەر لە ئابووری، پاشان گەڕاوەتەوە هیندستان بۆ وانە وتنەوە، ساڵی 1955 ماستەری دووەمی لە فەلسەفە لە زانکۆی کامبریج بەدەست هێناوە و ساڵی 1959 دکتۆرای لە ئابووری لە بە دەست هێناوە. ساڵانی 1963 بۆ 1971 وانەی ئابووری لە ژمارەیەک زانکۆی هیندستان و قوتابخانەی ئابووری لە دەلهی وتووەتەوە. ساڵی 1977 چووەتە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئەمریکا و بووەتە مامۆستای ئابووری سیاسی لەو زانکۆیە، ساڵی 1987 بووەتە مامۆستای ئابووری و فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا، دواتر ژمارەیەک پۆستی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری ئابووری و گەشەپێدان وەرگرتووە، ساڵی 2004 گەڕاوەتەوە زانکۆی هارڤارد، ناوبراو ژمارەیەک خەڵاتی ناوخۆی و نێودەوڵەتی دیکەی وەرگرتووە کە دیارترینیان خەڵاتی نۆبڵە لە ساڵی 1998 لە پای نووسینەکانی دەربارەی ئابووریی خۆشگوزەران و گەشەپێدان وەریگرتووە، گۆڤاری تایم لە ساڵی 2019 وەکو یەکێک لە (100) کاریگەرترین کەسایەتی جیهانی هەڵیبژاردووە. زیاتر لە (24) پەرتووک و سەدان وتاری زانستی و چاوپێکەوتنی هەیە.: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئامارتیا سێن، زانیاری بایۆگرافی، زانکۆی هارڤارد، لەم لینکە https://scholar.harvard.edu/sen/biocv ، هەروەها ئامارتیا سێن، ژیاننامە، زانکۆی هارڤارد، 2013، لەم لینکە https://scholar.harvard.edu/sites/scholar.harvard.edu/files/sen/files/cv_sen_amartya_jan2013_0.pdf، ژیانی ئامارتیا سێن لە سایتی خەڵاتی نۆبڵ، لەم لینکە: https://www.nobelprize.org/prizes/economic-sciences/1998/summary، ڕۆژی سەردان 2025/2/1، تحسين حمه سعيد شمس الدين، نظرية امارتيا سين في العدالة و نتائج تطبيقها على العدالة الإنتقالية، مجلة جامعة التنمية البشرية، جامعة التنمية البشرية في السليمانية، السليمانية، المجلد (1)، العدد (4)، 2015، ص 184-186.

[2] Douglas Dowd (Ed), Understanding capitalism: critical analysis from Karl Marx to Amartya Sen, Pluto Press, first edition, LONDON • STERLING, VIRGINIA, 2002, p.14.

سێن یەکێکە لە دیارترین بیریارانی هاوچەرخ لە جیهاندا و یەکێکە لە بەناوبانگترین تیۆریستەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی، کە هەرچەندە ناوبراو پسپۆڕیەکەی لە بواری ئابووریدایە، بەڵام فەلسەفەشی خوێندووە، بۆیە بەشداریەکی گەورەی لە بابەتە فەلسەفییەکان و تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کردووە[1]. سێن بەشدارییەکی بەرفراوانی لە بەرەوپێشبردنی ژمارەیەک بواری زانستی ئابووری کردووە، بە تایبەتی گەشەپێدانی مرۆیی، تیۆری بژاردەی کۆمەڵایەتی (Social Choice Theory)، هەروەها لە ڕووی فەلسەفەی سیاسییەوە تیۆرەکانی شوناس و دادپەروەری خستووەتە ڕوو[2]. سێن جگە لەوەی کە لە بواری ئابووریدا ڕۆڵ و شوێن دەستی دیارە، بە هەمان شێوەش توانیویەتی تیۆر و بابەتیش لە فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا پێشکەش بکات کە هەندێکیان دەچنە خانەی فەلسەفەی ئاکارەوە.

دیاترین تێزەکانی سێن بریتیین لە گەشەپێدانی مرۆیی، ڕێبازی توانا، دادپەروەری و شوناس. سێن یەکێک بووە لە ئەندامانی تیمی ڕاوێژکاری یەکەمین ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی (HUMAN DEVELOPMENT REPORT 1990)ی سەر بە بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (United Nations Development Program) ناسراو بە (UNDP)کە مەحبوب ئەل حەق بەڕێوەبەری پرۆژەکە بووە. لە ڕاپۆرتەکدا ڕۆڵ و شوێن دەستی سێن دیارە بە تایبەت لە دانانی ئاماژەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، بەکارهێنانی چەمکی تواناکانی مرۆڤ و جیاوازیکردن لە نێوان گەشەپێدانی مرۆیی و گەشەی ئابووری، هەروەها خستنەڕووی چۆنیەتی دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر و تەندروستی و زانین و ئاستی فێرکردن. کرۆکی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە کە پێوەر و ئاماژەکانی گەشەپێدانی مرۆیی هەمەجۆرن وەکو ئابووری، تەندروستی، پەروەردەیین[3]. ئەم ڕاپۆرتە بووەتە بناغەی ڕاپۆرتەکانی دواتری گەشەپێدانی مرۆیی کە ساڵان بڵاوی دەکاتەوە.

سێن لە ڕێبازی توانا یاخود ڕێبازی توانایی (Capability Approach) جەخت لە ڕەخساندنی دەرفەتێکی ئازاد بۆ بەدەست هێنانی توانا دەکاتەوە، تاوەکو مرۆڤ بتوانێت بە شێوەیەکی ئازادانە ئەرکەکان بە گوێرەی بارودۆخەکەی جێبەجێ بکات. لە ناو ڕێبازی توانا، دوو چەمک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن ئەوانیش توانا (Capability) و ئەرکەکان (Functionings)ن[4]. سێن لە باسکردنی دادپەروەریدا تێزێکی خستووەتە ڕوو کە پشت بە باشکردنی واقعی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی دامەزراوەکان لە هێنانەدی دادپەروەریدا دەبەستێت جیا لەو تێزانەی کە وێنای کۆمەڵگەیەکی نمونەنیی دادپەروەر دەکەن[5]. بەشێکی زۆری تێزەکەی سێن سەبارەت بە دادپەروەری، لەسەر ڕەخنەگرتن لە تیۆری دادپەروەری وەک ئینسافی فەیلەسوفی ئەمریکی جۆن ڕاوڵز (1921-2002) بونیادنراوە.

دوو ڕووداوی گرنگ کاریگەرییان لەسەر سێن هەبووە کە ڕەنگدانەوەی لەسەر نووسینەکانی هەبووە، ئەوانیش ڕووداوی یەکەم کە برسیەتی گەورە بووە لە ناوچەی بەنگال لە هیند لە ساڵی 1943، هەروەها ڕووداوی دووەم دابەشکردنی هیند بووە لە ساڵی 1947 بۆ وڵاتەکانی هیند و پاکستان، سێن بە هۆی کاریگەری ڕووداوی یەکەم بەردەوام بە دوای هۆکارەکانی هەژار و برسیەتی و نەبوونی خۆشگوزەرانیدا ڕۆیشتووە، هەروەها بە هۆی کاریگەری ڕووداوی

---

[1] Lawrence Hamilton, Amartya Sen (Key Contemporary Thinkers), Polity Press, 1st Edition, UK, 2019, p 1.

[2] Ann E. Cudd, Commitment as motivation: Amartya Sen's theory of agency and the explanation of behaviour, Economics and Philosophy, Volume (30), Special Issue (1), 2014, p.36. https://doi.org/10.1017/S0266267114000030

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕاپۆرتەکە بڕوانە: بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان، ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی ساڵی 1990، لەم لینکەدا https://hdr.undp.org/system/files/documents/hdr1990encompletenostats.pdf ، ڕۆژی سەردان 2025/2/11.

[4] AMARTYA SEN, INEQUALITY REEXAMINED, Oxford University Press, first edition, New York, 1992, pp.40-49.

[5] امارتيا سن، فكرة العدالة، ترجمة: مازن جندلي، ، الدار العربية للعلوم الناشرون، الطبعة الاولى، بيروت، 2010، ص 40-44.

دووەمیش بە دوای پرسیارەکانی پەیوەست بە ئازادی و شوناسدا گەڕاوە[1]. ژیان و دەوروبەر کاریگەری زۆریان لەسەر سێن هەبووە، بۆیەش بەشێک لە تێز و تیۆرەکانی لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە هەڵقوڵاون کە سێن تێیدا ژیاوە و گەورە بووە. سێن خۆی دان بەوە دادەنێت کە ڕووداوێک لە تەمەنی یانزەساڵیدا کە خۆی بینیویەتی وای لێکردووە کە بەدوای هۆکاری توندوتیژی بە هۆی شوناسەوە بگەڕێت[2].

ئامارتیا بۆ باسکردنی پرسی شوناس، ئاماژە بە چیرۆکێک دەدات کە خۆی بینیویەتی. چیرۆکەکە ئەوەیە کە لە دوا ساتەکانی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لەسەر خاکی هیند لە ساڵی 1944، کە ئەو کاتە تەمەنی ئامارتیا (11) یانزدە ساڵ بووە، لە شاری دەکا (Dhaka)، ئاژاوە و شەڕ لە نێوان هیندۆس و مسوڵمانان ڕوویداوە. لەو کاتەدا ئامارتیا کرێکاری مسوڵمانی بە ناوی قادر میا (Kader Mia)ی بینیوە کە بە هۆی ئەو شەڕ و ئاژاوەیەوە بریندار بووە و خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە و لە کاتەدا قادر چووەتە باخچەی ماڵی سێن و داوای هاوکاری و قومێک ئاوی کردووە، ئامارتیا بە دەم ئاو بردن بۆ قادر، هاواری لە دایک و باوکی کردووە، باوکی سێن بە پەلە قادری بردووەتە نەخۆشخانە، بەڵام قادر بە هۆی برینەکەیەوە هەر لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدا [3]. ڕووداوی گیانی لەدەست دانانی قادر میا کاریگەری لەسەر سێن کردووە کە بیر لە پرسی شوناس بکاتەوە و تێڕوانینەکانی خۆی لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو، بە تایبەت پەیوەندی شوناس و توندوتیژی و نیشاندانی مەترسی وەهمەکانی شوناس. ئەم ڕووداوە بکرێتە خاڵی وەرچەرخانی نووسینەکانی سێن سەبارەت بە شوناس.

سێن بۆ یەکەمین جار لە پەرتووکی بژاردەی کۆمەڵی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، باسی لە چەمکی شوناس کردووە بە تایبەت لە پەیوەندی نێوان دادپەروەری و ئابووری و هاوکێشە ئابوورییەکاندا کە تیایدا شوناسی بە واتای هەمان شت بەکارهێناوە[4].

سێن لە ساڵی 1998 هزرە سەرەتاییەکانی خۆی دەربارەی شوناس خستووەتە ڕوو، بە تایبەت کە لەو ساڵەدا لە دەرس وتاری ڕۆمانیز* (Romanes Lecture)ی ساڵانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا، وتارێکی بە ناونیشانی عەقڵ پێش شوناس (Reason Before Identity) پێشکەشی کردووە. سێن لەو وتارەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت عەقڵ لە دەست نیشانکردنی شوناسدا ڕۆڵی یەکلایکەرەوەی هەبێت و شوناس بەرئەنجامی عەقڵی مرۆڤە و مرۆڤەکانیش بە سروشت جیاوازن، بۆیە فرەشوناسن. سێن هەر لەو وتارەکەیدا باس لە شوناسی کۆمەڵایەتی دەکات کە جەوهەری کۆمەڵگەیە و ئەم جۆرە شوناسەش کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەبێت و وا دەکات کە مرۆڤ تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی

---

[1] Jiji Philip, The Human Rights Discourse between Liberty and Welfare: A Dialogue with Jacques Maritain and Amartya Sen, Nomos Verlagsgesellschaft, first edition, Baden-Baden, Germany, 2017, p198.

[2] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، وەرگێڕانی حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ،سلێمانی، 2016، ل 275-277.

[3] هەمان سەرچاوە، ل 275-276.

[4] Amartya K. Sen, Collective Choice and Social Welfare, NORTH HOLLAND PUBLISHING COMPANY, First Edtion, AMSTERDAM, NEW YORK, OXFORD,1970, p.7.

* دەرس وتاری ڕۆمانیز، وتارێکی ساڵانەیە کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا ئەنجام دەدرێت کە تیایدا بانگهێشتی کەسانی دیاری هونەر، زانستەکان و ئەدەب دەکرێت. ئەم دەرس وتارە لە ساڵی 1891 لە لایەن جۆرج جۆن ڕۆمانیز (George John Romanes) دامەزرێنراوە و لە ساڵی 1892 یەکەم وتار لە لایەن ویلیام گلادستۆن (William Gladstone) پێشکەش کراوە، هەروەها دواین وتاریش تێیدا لە ساڵی 2024 بووە. زانکۆی ئۆکسفۆرد، وتاری ڕۆمانیز، بێ مێژووی بڵاوکردنەوە. لە، لینکە https://www.ox.ac.uk/news-and-events/The-University-Year/romanes-lecture، ڕۆژی سەردان 2025/3/11.

خۆی نەکاتەوە، بەڵکو ڕەچاوی ژینگە و ژیانی کۆمەڵایەتی بکات کە خەڵکانی دیکەش تێیدا دەژین[1]. ئەم وتارە تێڕوانینی بەرایی سێنە لە هەمبەر شوناس و ڕۆڵی عەقڵ لە پرسی شوناسدا.

پاشان سێن تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە شوناس فراوانتر کردووە و لە ساڵی 2006 لە چوارچێوەی پەرتووکێکدا بە ناونیشانی شوناس و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، زۆربەی بۆچوونەکانی لەسەر شوناس خستە ڕوو، دواتر لە ژمارەیەک وتاری دیکەدا سەرنجی خۆی لەسەر بابەتی شوناس، جۆرەکانی شوناس و پەیوەندی شوناس لەگەڵ هەریەک لە کولتور، دادپەروەری، ئازادی، هەژاری و توندوتیژی نیشان داوە. دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت کە تێڕوانینی سێن بۆ شوناس بەهایەکی ئاکاری هەیە، چونکە لە پێناوی کەمکردنەوەی توندوتیژی ئەم پرسەی تاوتوێ کردووە.

سێن پێی وایە شوناس (2) دوو ڕەهەندی هەیە کە یەکێکیان داهێنەرانە و ئەخلاقییە (creative)یە و ئەوەی دیکەش وێرانکاری (destructive)یە[2]. بۆیە لە دیدگای سێن شوناس وەکو شمشێرێکی دوو سەرە وایە کە دەکرێت ببێتە هۆی کاری داهێنەرانە و ئاکاری یاخود ببێتە هۆی توندوتیژی و کوشتن. سێن تیشکی زیاتر دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان شوناس و توندوتیژی و پێی وایە ئینتیمایەکی بەهێز و ڕەها بۆ گروپێک، دەبێتە هۆی ئەوەیە کە چوارچێوەی تێگەیشتن لەگەڵ کەسانی دیکە کەم بێتەوە و بواری جیاوازییەکان زیاتر بکات، ئەمەش هەستی توندوتیژی زیاتر دەکات کە بێگومان ئەمە هەستەش ئەنجامی کوشندەی لێ دەکەوێتەوە[3]. سێن هۆشداری داوە لەوەی کە پابەندبوونی ڕەها و بێ سنوور بە گروپێک یاخود توانەوەی تاک لە ناو گروپێکدا، بە شێوەیەکی ڕێژەی ئەگەری ئەوە دێنێتە ئاراوە کە ئەم پابەندوونە بێ ئەندازەییە بەرەو توندوتیژی بڕوات، چونکە مرۆڤەکان لە چوارچێوەی تاک شوناسێکدا خۆیان دەبیننەوە و لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر و ڕای کردنی کاروبارەکانیان، پێگیری بەو شوناسەشەوە دەکەن.

سێن وای بۆ دەچێت کە شوناس لە ناو دیموکراسیدا جوانتر و باشتر وێنا دەکرێت، بە تایبەت کە لە ناو دیموکراسیدا مافە سیاسیی و مەدەنییەکان دابین بکرێت، ئەوا خودی دیموکراسی لە پێدان و دەستنیشانکردنی چوارچێوەی شوناس بەشدار دەبێت، چونکە لە ناو دیموکراسیدا کار لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون (Citizenship) دەکرێت کە ئەمەش یەکێکە لە شوناسە سەرەکییەکانی مرۆڤ[4]. سێن دیموکراسی بۆ پرسی شوناس بە گرنگ دەزانێت، بە تایبەت لە دەستەبەرکردنی ئازادی و پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵات لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون بێت.

پاش ئەوەی سێن بۆچوونەکانی خۆی لەسەر شوناس نیشان داوە، تایبەتمەندییەکانی شوناسی خستووەتەڕوو، هەروەها ئاماژەی بە وەهمەکانی شوناس داوە و سیاسەتی فرەکولتووری و سیاسەتەکانی شوناسی ڕەت کردووەتەوە و بە سەرچاوەی توندوتیژی لە قەڵەم داون.

**1-3 تایبەتمەندییەکانی شوناس:**

سێن بە شێوەیەکی ڕیزکراو و یەک لە دوای یەک باسی لە تایبەتمەندییەکانی شوناس نەکردووە، بەڵکو لە ژمارەیەک لە پەرتووک و وتارە زانستییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەو تایبەتمەندیانە داوە. دەکرێت تایبەتمەندییەکانی شوناس لە تێڕوانینی سێن بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

---

[1] AMARTYA SEN, Reason before Identity: The Romanes Lecture, first edition, Oxford University Press, First Edition, UK, 1999, pp.4-6 and p.22.

[2] Amartya Sen, Violence in identity, In Ibrahim A. Karawan, Wayne McCormack, Stephen E. Reynolds (eds), Values and Violence, Studies in Global Justice, volume (4), Springer, Dordrecht, 2008, p.12. https://doi.org/10.1007/978-1-4020-8660-1_1 .

[3] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 22.

[4] John B. Davis and Solange Regina Marin, Identity and democracy: linking individual and social reasoning, Development, Volume (52), Issue (4), pp. 500-503. http://doi.org/10.1057/dev.2009.77.

ا. شوناس بژاردەیە. سێن پێی وایە مرۆڤ خۆی دەتوانێت ئەو شوناس بژاردە (Choice) بکات کە دەیەوێت و مەبەستیەتی کە خۆی پێ بناسێنێت، بۆیە لەو بارەیەوە وای بۆ دەچێت کە شوناس بژاردەیە[1].

ب. شوناس بژاردەیەکی عەقڵانییە. سێن ئاماژە بە ڕۆڵی عەقڵ دەدات لە دوو ڕوانگەوە. لە ڕوانگەی بژاردەکردنی ئەو شوناسەیەی کە دەیەوێت، هەروەها لە ڕوانگەی لە پێش دانانی شوناسێک لە پێش شوناسەکانی دیکە. عەقڵانیەت لە دیدی سێن بریتییە لە توانای بیرکردنەوە لە پێشدانانەکان (Preferences) لە بەها و ڕێسا و شوناسەکان یاخود گۆڕینیان[2].

پ. هەر شوناسێک لە بەستێنکدا واتا و گرنگی خۆی هەیە. سێن بۆ ئاماژەدان بە شوناس، باس لە گرنگی بەستێن یان ناوکۆ (Context) دەکات کە ئەو شوناسە لە چ بەستێنێکدا دەخرێتە ڕوو[3]، تاوەکو بزانرێت مرۆڤ بە گوێرەی چ بەستێنێک پێناسەی خۆی دەکات و خۆی دەناسێنێت.

ت. هەندێک لە شوناسەکان بە دەست دەهێنرێن و هەندێکی دیکەیان دەسەپێنرێن. لە گۆشە نیگای سێن دەتوانرێت شوناس بە دەست بهێنرێت، چونکە مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لە بەستێنی جیاوازدا دەژیت و وێستگەی کارکردنی لە ژیانی کۆمەلایەتی، سیاسی، کولتوری، ئابووری...هتد، دەگۆڕدێت. ئەم گۆڕانکاریەش وا دەکات کە مرۆڤ شیانی ئەوە هەبێت کە خۆی شوناس بەدەست بهێنێت[4]. دەکرێت گۆڕانی سەڵت بۆ خێزانداریی یان باوکایەتی، گۆڕینی بیروبڕوای سیاسی، گۆڕانکاری لە ئاستی بژێوی ژیان یاخود بوونە پارێزەر، یاخود شوناسە پیشەییەکانیش، ئەمانە هەمووی نمونەی ئەو جۆرە شوناسانە بن کە مرۆڤ بە گوێرەی قۆناغەکانی ژیانی دەتوانێت بە دەستیان بهێنێت.

لە بەرانبەردا سێن ئاماژە بەوەش دەدات کە هەندێک لە شوناسەکان بە ناچاری بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێن کە ناوبراو بە شوناسی سەپێنراو گوزارشتی لێکردووە کە مەبەست لێی ئەو شوناسەیە کە مرۆڤ بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی بەسەریدا سەپێنراوە و ناچارە پێیەوە پابەند بێت[5]. دەکرێت ئاماژە بەو شوناسە کۆمەڵایەتیە سەپێنراوە یاخود ئەو شوناسە کولتووریە سەپێنراوە بدرێت کە داگیرکەران بەسەر خەڵکی وڵات و ناوچەکانی داگیرکراودا دەیسەپێنن.

ج. شوناس، جێگیر نییە و دەگۆڕدرێت. سێن شوناس بە تایبەتمەندی و شتێکی ناجێگیر و گۆڕاو لە قەڵەم دەدات و پێی وایە شوناس گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەردەوام لە گۆڕاندایە و دەگۆڕدرێت، بۆیە شوناس شتێکی جێگیر و سەقامگیر نییە و دەگۆڕدرێت[6].

ح. شوناسەکان جیاوازن. لە گۆشەنیگای سێن مرۆڤەکان بە گوێرەی تایبەتمەندی کەسی، ژینگە و کەش و هەوا و ڕەوشی کۆمەڵایەتی بە سروشت لە یەکتری جیان، بۆیەش شوناسی جیاوازیان هەیە[1].

---

[1] Amartya Sen, The Argumentative Indian: Writings on Indian History, Culture and Identity, Farrar, Straus and Giroux, First American edition, New York, 2005, p.352.

[2] NUNO MARTINS, Rules, Social Ontology and Collective Identity, Journal for the Theory of Social Behaviour, Wiley-Blackwell, USA, Volume (39), Issue (3), 2009, p.334. https://doi.org/10.1111/j.1468-5914.2009.00406.x.

[3] Amartya Sen, The Argumentative Indian: Writings on Indian History, Culture and Identity, op. cit., p.352.

[4] سري نسيبة، أمارتيا سن والهوية، تبين للدراسات الفلسفية و النظريات النقدية، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، قطر، المجلد (11)، العدد (41)، 2022، ص 142. DOI: https://doi.org/10.31430/DVTR3921

[5] Ann E. Cudd, op. cit., p.52.

[6] Cillian Ó Fathaigh, What Is Proper to a Culture: Identification and Ethics in Jacques Derrida and Amartya Sen, Angelaki :Journal of the Theoretical Humanities, Volume (29), Issue (1-2), UK, p.136. https://doi.org/10.1080/0969725X.2024.2322271

**2-3 وەهمەکانی شوناس:**

سێن لە پەرتووکی شوناس و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، ئاماژە بە (2) دوو جۆری وەهم کردووە کە بریتیین لە[2]:

ا. وەهمی تاک شوناسی (Singular Identity Illusion)، کە تیایدا شوناس تەنها لەسەر تاکە بنەما و پێوەرێک دەست نیشان دەکرێت.

ب. وەهمی چارەنووس یاخود وەهمی قەدەر (Destiny Illusion) کە تیایدا شوناسی دیاریکراو بەسەر تاکدا دەسەپێنرێت بێ ڕەزامەندی خۆی.

سێن ئاماژە بە مەترسییەکانی تاک شوناسی دەدات کە ئەمانەن:

ا. پشت گوێخستنی گرنگی وابەستەیی و پەیوەندییەکانی دیکەی مرۆڤ[3]. لە ڕوانگەی سێن دەکرێت وابەستەیی و پەیوەندییە جۆراجۆرەکانی دیکەی مرۆڤ، شوناسی دیکەش دروست بکات وەکو ئەندام بوون لە گروپێك، پیشەیەک، توێژێک...هتد.

ب. دیاریکردنی داواکارییەکانی تاک شوناسی بە شێوەیەکی تایبەت لە قاڵبی شەڕانگێزیدا، لە ڕق و کینە دروست دەکات[4].

پ. کاریگەری دوورمەودای لەسەر مرۆڤایەتی دەبێت و ڕێی تێدەچێت کە بۆ ململانێی گروپەکان بقۆزرێتەوە[5]. بە جۆرێک کە گروپەکان لەسەر بنەمای تاک شوناسێک پێک بهێنرێن.

ت. تاک شوناسی خزمەت بە ئامانجە توندوتیژییەکانی ئەو کەسانە دەکات کە بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوە دادەڕێژن، هەروەها بەردەوام تاک شوناسی بۆ وروژاندنی توندوتیژی بەکاردەهێنرێت[6].

سێن تێزی پێکدادانی شارستانیەتەکانی زانا و فەیلەسوفی ئەمریکی ساموێڵ هەنتینگتۆن (2008-1927) ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە تێزەکە لەسەر تاک بنەمایەک شوناس باس دەکات و مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای تاک شوناسی کە شارستانیەتە دابەش کردووە[7]. هەنتینگتۆن لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، تێزێکی بە ناونیشانی پێکدادانی شارستانیەتەکان خستە ڕوو کە تیایدا جیهانی بەسەر (8) هەشت شارستانیەتدا دابەش کرد کە ئەوانیش بریتیین لە شارستانیەتەکانی سینیک (چینی - کۆنفۆشیۆس)، یابانی، هیندۆ، ئیسلام، خۆرئاوا، ئەمریکای لاتین، ئورسۆدۆکس و ئەفریقا[8]. لە دیدی سێن تێزی پێکدادانی شارستانیەتەکان لەبەرئەوەی لەسەر تاکە بنامەیەک شوناس دادەڕێژێت، بۆیە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە.

سێن بۆ چۆنیەتی خۆپاراستن لە تێزی پێکدانانی شارستانیەتەکانی هەنتینگتۆن، چارەسەری داناوە، ئەویش لە ڕێگەی دانپێدانان بە فرەشوناسیە، کە تیایدا هەموو مرۆڤێک خاوەن فرە شوناسە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دۆزینەوەی خاڵی

---

[1] امارتيا سن، فكرة العدالة، المصدر السابق، ص 369-371.

[2] Mozaffar Qizilbash, Identity, community, and justice: locating Amartya Sen's work on identity, Politics, Philosophy and Economics, Sage, USA, Volume (8), Issue (3), 2009, p.253. https://doi.org/10.1177/1470594X09105386

[3] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 283.

[4] هەمان سەرچاوە، ل 283.

[5] هەمان سەرچاوە، ل 286.

[6] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 282.

[7] AMARTYA SEN, The Country of First Boys, Oxford University Press, first edition, UK, 2015, p.156

[8] Samuel P. Huntington, The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order, first edition, Simon & Schuster, first edition, New York, 1996, pp.45-48.

هاوبەشی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە نێوان مرۆڤەکان[1]، هەروەها بە پەیڕەوکردنی ئازادی کولتوورییە کە تیایدا کولتوورەکان ئازادییان پێ دەدرێت لە پیادەکردنی نەریتی خۆیان.

سێن جگە لە ڕەت کردنەوەی تاک شوناسی، باوەڕی وایە کە مرۆڤەکان لە یەکتری جیاوازن، کە ئەم جیاوازیەش بووەتە هۆی دروست بوونی فرەشوناسی. فرەشوناسی لە دید سێن زۆر گرنگە هەبێت و دانی پێدابنرێت. سێن جەخت لەسەر گرنگی پیادەکردنی دیموکراسی دەکاتەوە کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هاندانی دانپێدانانی گەورە بە فرە شوناسی مرۆڤ[2]. مرۆڤ[2]. فرە شوناسی لە دیدگای سێن شتێکی حەتیمییە و مرۆڤ ناتوانێت خۆ لێ لابدات، چونکە مرۆڤ لە یەک کاتدا ئەندامە لە ژمارەیەک گروپی کۆمەڵایەتی، ئینتیمای بۆ ژمارەیەک ڕێکخراو و پارتی سیاسی هەیە و پابەندی ئەرکی و فەرمانبەرایەتییە، ئەمەش فرەشوناسی دروست دەکات.

لە ناو نووسینەکانی سێن سەبارەت بە فرە شوناسی نمونەی زۆری تێدایە کە مرۆڤێک لە یەک کاتدا خاوەنی ژمارەیەک شوناس، چونکە مرۆڤ ئینتیمای بۆ ژمارەیەک گروپ و دەستە و شوێن و پیشە و کار هەیە بە بێ ئەوەی ئەو ئینتیمایانە تێک بگیرێن. سێن نمونەی فرە شوناسی لەسەر خۆی هێناوەتەوە کە یەکە کەس لە یەک کاتدا ئەم شوناسانەی هەیە، کەسێکی ئاسایی بێت، هاوولاتییەکی هیندی و بەنگالی بە ڕەچەڵەک بنگلادیشی بێت، دانیشتووی ئەمریکا یان بەریتانیا بێت، ئابووریناس و دۆستێکی فەلسەفە بێت، نووسەر بێت، بە زمانی سانسکریتی قسە بکات، بڕوای بە سیکۆلاریزم و دیموکراسی هەبێت، لایەنگیری بزوتنەوەی ژنان بێت، بەرگری لە هاوڕەگەزبازەکان بکات، بڕوای بە ژیانێکی نا ئاینیی هەبێت، ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی هیندۆسی هەبێت، بڕوای بە پێش ژیان و دوای ژیان نەبێت[3].

سێن وای بۆ دەچێت کە ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی عەقڵانی، ئەو شوناسە هەڵبژێرێت و دەست نیشان بکات کە دەیەوێت، ئەوا ئەو کات چارەسەری وەهمی تاک شوناسی و وەهمی قەدەر دەکات، چونکە عەقڵ ڕۆڵی لە هەموو کاروبارێکدا هەیە[4]. سێن بۆ باسکردنی وردەکاری شوناس، ڕێبازی توانای بەکارهێناوە، بە تایبەت عەقڵانیەت و ئازادی مرۆڤ مرۆڤ لە هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی ئەو شوناسەی دەیەوێت، چونکە بە گوێرەی ڕێبازی توانای مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کارەی دەیەوێت ئەنجامی بدات. سێن وای بۆ دەچێت کە عەقڵ ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی شوناس یاخود ڕەتکردنەوەی سەپاندنی شوناسێک، جیا لەوەش عەقڵ بە گوێرەی بارودۆخەکان شوناسێک لە پێش شوناسەکانی دیکەوە بژاردە دەکات و هەڵیدەبژێرێت، بە بێ ئەوەی بەها و بایەخی شوناسەکانی دیکە کەم بێتەوە.

**3-3 ڕەخنەگرتن لە فرەکولتووری و سیاسەتەکانی شوناس:**

سێن ئەو فرەکولتووری (Multiculturalism)یە ڕەت دەکاتەوە کە کۆمەڵییەکان* (Communitarians) لە ئێستادا پەیڕەو دەکەن و پێی وایە ئەنجامێکی ئەرێنی نابێت. لە هەمان کاتیشدا سیاسەتەکانیش شوناسیش ڕەت دەکاتەوە کە تیایدا گرنگی بە گروپە بچوکەکان و ئەو گروپانە دەدرێت کە پشتگوێخراون. سێن ئەم دوو بیرکردنەوەیە ڕەت دەکاتەوە.

---

[1] Jiji Philip, op. cit., p.205.بوو

[2] Betto van Waarden, Amartya Sen’s Identity Pluralism Applied to Will Kymlicka’s Liberal Multiculturalism, international journal on minority and group rights, Brill Nijhoff, Netherlands, Volume (21), 2014, p.541. https://doi.org/10.1163/15718115-02104004 .

[3] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 46-47.

[4] Cillian Ó Fathaigh, op. cit., pp.137-138.

* کۆمەڵگەرایی یان کۆمەڵییەکان یاخود کۆمەڵگاییەکان، کۆمەڵێک زانا و فەیلەسوفن وەکو مایکڵ ساندڵ، چارلس تایلۆر و مایکڵ والزەر...هتد کە جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەکەنەوە لە ژیاندا، هەروەها باس لەوە دەکەن کە ناتوانرێت تاک لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا دووربخرێتەوە، بەڵکو پێیان وایە کە تاکەکە لە شێوەی تۆڕێکدا لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدان و پابەندن بە کۆمەڵ و کۆمەڵگاوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: JOHN S. DRYZEK, BONNIE HONIG and ANNE PHILLIPS, The Oxford Handbook of Political Theory, Oxford University Press, first edition, UK, 2008, pp.18-19.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ڕەخنەی سێن لە کۆمەڵگەرایی لەسەر پەیڕەوکردنی فرەکولتووری لەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگەرایی گرنگی بە ڕۆڵی تاک نادەن لە دروستکردنی شوناس، بەڵکو تەنها گرنگی بە ڕۆڵی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن کە شوناس دروست دەکات، ئەمەش لە دیدگای سێن ڕەت دەکرێتەوە، چونکە پێی وایە ئەگەر بە شێوەی تەماویش بێت ئەو بیرکردنەوەیە بەرگریکردنە لە تاک شوناسی لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەندام بوونی تاک لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا [1]. سێن مەترسی هەیە کە بە هۆی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازەی فرەکولتوری، ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا نەمێنێت[2]. سێن جەخت لەسەر ڕۆڵی تاک دەکاتەوە لە دروستکردنی و ئاشکراکردنی شوناس، بەڵام کۆمەڵگەرایی ئەو ڕۆڵە بە هەند وەرناگرن و تەرکیز زیاتر لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵ و گروپەکان دەکاتەوە لە دروستکردن و ئاشکراکردنی شوناس.

سێن بە پێزانینی زۆر باسی گوتاری کۆمەڵگەراییەکان دەکات لە پەیڕەوکردنی بەهای ڕێزگرتنی فرەکولتوری و پێی وایە کە فرەکولتووری لەم ساڵانەی دوایدا بووەتە بەهایەکی گرنگ و دروشمێکی بەهێز، بەڵام سێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتورە جیاوازەکاندا، باسی ئازادی کولتوری (Cultural Liberty)ی دەکات، کە تیایدا جەخت لەسەر ئازادی دەکاتەوە بۆ کولتوورەکان تاوەکو بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن و ئەندامانی ئەو کولتوورانە بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە شوناسی خۆیان دەست نیشان بکەن، بە بێ هیچ زۆر لێکردنێک[3]. سێن بۆ خستنەڕووی ئازادی کولتووری، جەخت لەسەر پێدانی ئازادی و پێکەوەیی بە کولتورە جیاوازەکان دەکاتەوە، ئەمەش لە پێناوی پێکەوەژیان و باشترکردنی جۆرایەتی ژیان. ئازادی کولتووری لە دیدی سێن ڕێز لە نەریتی گروپەکان دەگرێت و دان بە فرەکولتووریدا دەنێت.

سێن نمونەیەک لەسەر ئازادی کولتوری دەهێنێتەوە، ئەویش وڵاتی بەریتانیایە. سێن ئاماژە بە مێژووی دروستبوونی ئەو نمونەیە دەدات و پێی وایە ئەو ئاشوب و گێرەشێوێنیەی لە ساڵی 1981 کە بە هۆی نەژادەوە، لە شارەکانی لەندەن و لیڤەرپول لەو وڵاتە دروست بوو، بووەتە هۆی ئەوەی بەریتانیا بیر لە لێک نزیککردنەوەی هەموو لایەن و کولتوورە جیاوازەکان بکاتەوە، کە تیایدا مافی دەنگدان بدرێتە هەموو کەسێک کە لەو وڵاتە بوون، مامەڵەی نەژادپەرستانە لەگەڵ کۆچبەران نەکرێت، بە تایبەتی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، خوێندن و بیمەی کۆمەڵایەتی[4]. سێن پشتیوانی ئازادی کولتووری دەکات چونکە پێی وایە کە ڕێگری دەکات لە سەرهەڵدانی توندوتیژی.

لەگەڵ ئەوەی سێن ستایشی ئازادی کولتووری لە بەریتانیا دەکات و بە نمونەیەکی سەرکەوتووی لە پەیڕەوکردنی ئازادی کولتووری لە قەڵەمی دەدات، بەڵام ڕەخنەشی لێ دەگرێت و پێی وایە کردنەوەی فێرگەی ئاینی بۆ مسوڵمانان، هیندۆس، سیخەکان...هتد و ئەوانەی مەسیحیش کە پێشتر هەبوون و پشتیوانی کردنی سیاسەتی دەوڵەت لەو فێرگانە هەڵەیە، چونکە بە بڕوای سێن دەتوانرێت لەم فێرگانە، منداڵی تێدا هەڵبخەڵەتێنرێت و شوناسێکی دیاریکراوی بۆ دەست نیشان بکات بە بێ ئەوەی ئەو منداڵانە توانای بیرکردنەوەیان لەو شوناسە هەبێت[5]. سێن بۆچوونی وایە کە نابێت گروپێک، شوناس بۆ تاکەکەس دەست نیشان بکات، بۆیەش ڕەخنەی لە کردنەوە و بەردەوامی ئەو فێرگە ئاینیانە گرتووە، چونکە ئەم ناوەندانە شوناس بۆ تاک هەڵدەبژێرن و بەسەریاندا دەچەسپێنن، کە لە ئەنجامدا ئەم تاک شوناسەیە دەبێتە سەرچاوەی توندوتیژی[6]. هەروەک پێشتر ئەوەمان خستە ڕوو کە سێن پێی وایە شوناس بژاردەیەکی عەقڵانییە و عەقڵی مرۆڤ شوناسەکان دروست دەکات و لە پێشیان دادەنێت، بۆیەش دژی ئەو فێرگانەیە، چونکە منداڵ عەقڵی یەکلاییکردنەوەی شتەکانی بە دروستی نییە و لە ئایندەدا بە هۆی پێگیریان بەو شوناسەوە توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە.

---

[1] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 285.

[2] سري نسيبة، المصدر السابق، ص 140.

[3] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 188-189.

[4] هەمان سەرچاوە، ل 245-246.

[5] هەمان سەرچاوە، ل 194-195.

[6] هەمان سەرچاوە، ل 260.

له لایەکی دیکەوە سێن ڕەخنە لە لۆژیکی سیاسەتەکانی شوناس (Identity Politics) و ئەو کەس و لایەنانە دەگرێت کە پشتیوانی دەکەن. دەکرێت گرنگترین ڕەخنەکانی سێن لە سیاسەتەکانی شوناس و پاڵپشتیکارانی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

ا. پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی شوناس کاریگەری لەسەر هاندنی جیابوونەوە دەبێت[1]. مەبەستی سێن ئەوەیە کە گروپەکان دەیانەوێت جیاببنەوە و خۆیان بە جیاواز نیشان بدەن، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی گروپەکان تێکەڵاوی یەکتری نەبن و لە دووری یەکتری بمێننەوە یاخود هەوڵی جیابوونەوە بدەن.

ب. سێن پێی وایە کە سیاسەتەکانی شوناس کاریگەری زۆریان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە و دەبێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵگە[2]. مەترسی سێن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پشتیوانیکردنی گروپێک لە سەرووی گروپەکانی دیکەوە، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی گروپەکانی دیکە هەست بە ستەم بکەن، بۆیە لە دەرئەنجامدا توندوتیژی لێ بکەوێتەوە و سەقامگیری کۆمەڵگە تێک بچێت..

**4-3 شوناسی هاوبەشی مرۆیی:**

دوای ئەوەی سێن ڕەخنەی لە تاك شوناسی گرت و جەختی لە فرە شوناسی کردەوە و سیاسەتی شوناس و فرەکولتووری ڕەتکردەوە کە دەبێتە هۆی داتاشینی تاک شوناس لەسەر یەک بنەمای ئاینی و نەتەوەیی کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی، دەیەوێت دیدگایەکی فراوانتر و بەرزتر بۆ مرۆڤ بونیاد بنێت، تاوەکو بتوانرێت مرۆڤەکان هەموویان پێکەوە ببەسترێنەوە و پێکەوەبژین. سێن پێشنیازی دروستکردنی شوناسێکی هاوبەش بۆ مرۆڤەکان دەکات تاوەکو بتوانێت مرۆڤایەتی هەمووی پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەویش بنەمای مرۆڤایەتییە. شوناسی هاوبەشی مرۆیی لە دیدگای سێن شوناسێکی فراوانە کە سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا سێن تیشک دەخاتە سەر شوناسی هاوبەشی مرۆیی لە نێوان مرۆڤەکاندا کە مەبەست لێی پێکەوەبیە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە هەمان کۆمەڵەی کۆمەڵایەتییدا کە تیایدا ژیانی هەمووان لەو کۆمەڵەیەدا وا لێ دەکات بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەبچێت[3]. سێن بۆ چۆنیەتی دروستکردنی شوناسی هاوبەشی مرۆیی پێی وایە کە دەبێت ئەم جۆرە شوناسە لەسەر ئاستی جیهانی بێت کە سەرجەم مرۆڤەکان پێکەوە ببەستێتەوە و وابەستەیی جیهانی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بکات، کە دەکرێت ڕایەڵە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان بکرێتە بناغەی ئەو شوناسە، هەروەها دامەزراوەکانی وەکو نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵیان پێ بدرێت یاخود ڕێکخراوە ئەهلی و دامەزراوە ناحکومییەکان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە ڕۆڵیان هەبێت، هەرچەندە سێن تا ڕادەیەک بێ ئومێدە لەو شوناسە، چونکە ئەوە ناشارێتەوە کە هەمیشە ئەوە سەلمێنراوە کە ئەستەمە لە ئایندەییەکی چاوەڕوانکراودا، دەوڵەتێکی جیهانی دیموکراسی هەبێت[4].

سێن بۆیە پێشنیازی دروستکردنی شوناسی هاوبەشی مرۆیی دەکات، چونکە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی جیهانی بێ ئومێد بووە کە دیموکراسی تێیدا پەیڕەو بکرێت، بۆیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێت پشت بە کارلێککردن و لێکتێگەیشتنی کولتوورەکان ببەسترێت[5]، تاوەکو بتوانرێت جیهانێک بهێنرێتە کاتەوە کە پێکگەیشتن و تێکگەیشتن ئاسان بێت و شوناسی هاوبەشی مرۆییش هەمووان کۆ بکاتەوە[6]. سێن هەوڵ دەدات کە ڕایەک لە نێوان مرۆڤەکان دروست بکات تاوەکو بتوانن لە ژێر چەتری ئەو ڕایەڵە پێکەوەبژین، چونکە دامەزراوەیەکی وەکو دەوڵەتی جیهانی پێک نایەت تاوەکو بتوانێت ئەو شوناسە دروست بکات. لە دیدگای سێن شوناسی هاوبەشی مرۆیی جگە لە پێوەبەستنی جیهانی نێوان

[1] Amartya Sen, The Argumentative Indian: Writings on Indian History, Culture and Identity, op. cit., p.339.

[2] امارتيا سن (تحرير و تقديم)، السلام و المجتمع الديمقراطي، ترجمة: روز شوملي مصلح، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، الطبعة الاولى، بيروت، 2016، ص 24.

[3] ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.

[4] هەمان سەرچاوە، ل 291-294.

[5] هەمان سەرچاوە، ل 294.

[6] هەمان سەرچاوە، ل 296.

مرۆڤەکان، دەتوانێت لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی زیاتر بۆ مرۆڤ و کەمکردنەوەی تیرۆر و هێنانەدی کەشوهەوای لێبوردەیی بەشدار بێت[1].

شوناسی هاوبەشی مرۆیی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دیدگاکانی سێن بۆ ئاستی جیهانییە و لە بەرژەوەندی مرۆڤە کە تیایدا داوا دەکرێت سنوورەکان تێپەڕێنرێت و مرۆڤەکان لەسەر ئاستی جیهانی ڕێز لە یەکتری بگرن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە سێن وردەکاری زیاتری لەسەر ئەم شوناسە نیشان نەداوە، بە تایبەت ڕایەڵە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکانی دەست نیشان نەکردووە. جیا لەوەش وردەکاری ئەرکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەهلییەکانی نەخستووەتەڕوو لە چۆنیەتی دروستکردنی شوناسی هاوبەشی مرۆیی کە بێگومان ئەمەش کێشەی بۆ خودی شوناسەکە دروستکردووە.

## دەرئەنجام

شوناس وابەستەیە بە سەرجەم کایەکانی زانین، بۆیەش شوناسی جۆراوجۆر بوونی هەیە. شوناس گوزارشتە لە تایبەتمەندیی یاخود خاڵی جیاکەرەوە بە گوێرەی بارودۆخەکان. ئامارتیا سێن بە پشت بەستن بە پاشخانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی و وڵاتەکەی، باسی شوناسی کردووە کە پێی وایە شوناس جگە لەوەی دەبێتە مایەی شانازیکردن، بەڵام دەکرێت ببێتە هۆی توندوتیژیش. سێن جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێنانەدی دادپەروەری ڕێگەخۆشکەرە بۆ هەستکردن بە شوناس، هەروەها فەراهەمکردنی ئازادیش بە گرنگ دەزانێت بۆ شوناس. سێن پێی وایە شوناس بژاردەیەکی عەقڵانییە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازادی بژاردەی دەکات یاخود بە دەستی دەهێنێت، هەروەها شوناس دەگۆڕدرێت و جێگیر نییە و گرنگی شوناس یاخود هەر شوناسێکیش بە گوێرەی بەستێنەکەیەتی.

سێن داکۆکی لە فرەشوناسی دەکات و تاک شوناسی لەسەر هەر بنەمایەک و سەپاندنی تەنها شوناسێک ڕەت دەکاتەوە و بە وەهمەکانی شوناس هەژماریان دەکات. ناوبراو تێزی پێکدادانی شارستانیەتەکانی هەنتینگتۆن بە تێزێکی تاک شوناسی دادەنێت، چونکە پێی وایە مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای تاک شوناسێک پۆلێن کردووە. سێن ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەو سیاسەتە دەدات کە کۆمەڵگەرایی سەبارەت بە فرەکولتووری لە وڵاتان پەیڕەوی دەکەن، چونکە لە ئایندەدا دەبێتە هۆی سەپاندنی شوناسێک لەسەر تاک بنەمایەک بۆ ئەندامانی ئەو کولتوورە، بەمەش توندوتیژی ڕوو دەدات، هەروەها سێن بە هەمان شێوەیەش سیاسەتەکانی شوناس بە مەترسی دادەنێت کە تیایدا مرۆڤەکان بەرەو جیاکاری و توندوتیژی هان دەدات. لە بەرانبەردا سێن باس لە بایەخی ئازادی کولتوری دەکاتەوە وەکو بنەمایەک بۆ پێکەوەکۆکردنەوە و پێکەوەژیانی کولتورەکان. سێن لە پێناوی خزمەتی مرۆڤایەتی، پێشنیازی شوناسی هاوبەشی مرۆیی دەکات وەکو چەتری کۆکەرەوەی مرۆڤایەتی، تاوەکو مرۆڤەکان بتوانن پێکەوە بژین و تەنها لەسەر یەک بنەما و پێوەر پەیوەندییان نەبێت، کە ئەم شوناسە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی و هێنانەدی جیهانێکی باشتر و ئارامتر.

## لیستی سەرچاوەکان

**زمانی کوردی**

**یەکەم: پەرتووک:**

1. ئامارتیا سەن، ناسنامە و توندوتیژی: وەهمی چارەنووس، وەرگێڕانی حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2016.
2. ئەحمەد گوڵمحەمەدی، بەجیهانیبوون، کولتور، شوناس، و:عوڵا بەهرامی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.
3. دکتۆر نوری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانونی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004.

[1] هەمان سەرچاوە، ل 292-293.

4. ڕزگار کەریم، فەرهەنگی ژیر: عەرەبی-کوردی، زنجیرەی (52) لە پڕۆژەی 100 کتێبی کوردی ناوەندی ڕۆشنبیری چاپی یەکەم، سلێمانی، 2010.
5. فازڵ نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نویێ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیاری، چاپی سێیەم، سلێمانی، 2015.
6. هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگی کردی-فارسی، سروش، چاپی یەکەم، تاران، 1369.

بە زمانی عەرەبی

الاول: الكتب:

7. البشير ربوح، السؤال عن الهوية في التآسيس.. و النقد.. والمستقبل، كلمة للنشر والتوزيع- دار الامان- منشورات الاختلاف-مشورات ضفاف، الطبعة الاولى، تونس-الرباط-الجزائر و بيروت، 2016.
8. امارتيا سن (تحرير و تقديم)، السلام و المجتمع الديمقراطي، ترجمة: روز شوملي مصلح، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، الطبعة الاولى، بيروت، 2016.
9. امارتيا سن، فكرة العدالة، ترجمة: مازن جندلي، الدار العربية للعلوم الناشرون، الطبعة الاولى، بيروت، 2010.
10. بيتر كوزين، البحث عن الهوية: الهوية وتشتتها في حياة إيريك إيركسون وأعماله، ت: د.سامر جميل رضوان، دار الكتاب الجامعي، الطبعة الاولى، الامارات العربية المتحدة، 2010.
11. رياض زكي قاسم (تحرير)، الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، 2013.

الثاني: االبحوث الجامعية:

12. تحسين حمه سعيد شمس الدين، نظرية امارتيا سين في العدالة و نتائج تطبيقها على العدالة الإنتقالية، مجلة جامعة التنمية البشرية، جامعة التنمية البشرية في السليمانية، السليمانية، المجلد (1)، العدد (4)، 2015.
13. سري نسيبة، أمارتيا سن والهوية، تبين للدراسات الفلسفية و النظريات النقدية، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، قطر، المجلد (11)، العدد (41)، 2022. https://doi.org/10.31430/DVTR3921
14. علاء عبدالرزاق، الهوية الرقمية ودورها في إثارة الازمات الاجتماعية في العراق بعد العام 2003، مجلة جامعة الدفاع، العدد (5)، 2024.
15. عزمي بشارة، تأملات في مسالة الهوية، دورية تبين للدراسات الفكرية والثقافية، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، قطر، المجلد (11)، العدد (41)، 2022. https://doi.org/10.31430/KBKI8654
16. وجيه كوثراني، الهوية، و المواطنة، و الدولة : إشكال في وعي العلاقة أم في بنية الثقافة؟، مجلة التسامح، العمانية للتوزيع والتسويق، العدد (29)، 2010.

**English Language:**

**First: Books:**

17. Adams, M., Blumenfeld, W. J., Hackman, H. W., Zuniga, X., Peters, M. L. (Eds.), Readings for diversity and social justice: An anthology on racism, sexism, anti-semitism, heterosexism, classism, and ableism, Routledge, First Edition, New York, 2000.
18. Amartya K. Sen, Collective Choice and Social Welfare, NORTH HOLLAND PUBLISHING COMPANY, First edition, AMSTERDAM, NEW YORK, OXFORD, 1970.
19. AMARTYA SEN, INEQUALITY REEXAMINED, Oxford University Press, first edition, New York, 1992.
20. AMARTYA SEN, Reason before Identity: The Romanes LectureOxford, University Press, first edition, UK, 1999.
21. Amartya Sen, The Argumentative Indian: Writings on Indian History, Culture and Identity, Farrar, Straus and Giroux, First American edition, New York, 2005.
22. AMARTYA SEN, The Country of First Boys, Oxford University Press, first edition, UK, 2015.

23. Anthony D. Smith, Ethno-symbolism and nationalism: A cultural approach, Routledge, first edition, New York, 2009.
24. Bhikhu Parekh, A New Politics of Identity: Political Principles for an Interdependent World, Red Globe Press, first edition, UK, 2008.
25. Douglas Dowd (Ed), Understanding capitalism: critical analysis from Karl Marx to Amartya Sen, Pluto Press, first edition, LONDON • STERLING, VIRGINIA, 2002.
26. Francis Fukuyama, Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment, Farrar, Straus and Giroux, first edition, New York, 2018.
27. Gerald F. Gaus, Political Concepts and Political Theories, first edition, Westview Press, , first edition, United States, 2000.
28. Ibrahim A. Karawan, Wayne McCormack, Stephen E. Reynolds (eds), Values and Violence, Studies in Global Justice, volume (4), Springer, Dordrecht, 2008.
29. Jiji Philip, The Human Rights Discourse between Liberty and Welfare: A Dialogue with Jacques Maritain and Amartya Sen, Nomos Verlagsgesellschaft, Baden-Baden, first edition, Germany, 2017.
30. JOHN S. DRYZEK, BONNIE HONIG and ANNE PHILLIPS, The Oxford Handbook of Political Theory, first edition, Oxford University Press, UK, 2008.
31. Lawrence Hamilton, Amartya Sen (Key Contemporary Thinkers), Polity Press, 1st Edition, UK, 2019.
32. Mahir A. Aziz, The Kurds of Iraq: Nationalism and Identity in Iraqi Kurdistan, I.B. Tauris, Second edition, London, 2015.
33. Mark Bevir (ed), Encyclopedia of political theory, A-E. Sage, 1st Edition, United States of America, 2010.
34. Samuel P. Huntington, The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order, first edition, Simon & Schuster, New York, 1996.

Second: Journals:

35. Ann E. Cudd, Commitment as motivation: Amartya Sen's theory of agency and the explanation of behaviour, Economics and Philosophy, Volume (30), Special Issue (1), 2014. https://doi.org/10.1017/S0266267114000030.
36. Betto van Waarden, Amartya Sen's Identity Pluralism Applied to Will Kymlicka's Liberal Multiculturalism, international journal on minority and group rights, Brill Nijhoff, Netherlands, Volume (21), 2014. https://doi.org/10.1163/15718115-02104004 .
37. Cillian Ó Fathaigh, What Is Proper to a Culture: Identification and Ethics in Jacques Derrida and Amartya Sen, Angelaki: Journal of the Theoretical Humanities, Volume (29), Issue (1-2), UK, 2024. https://doi.org/10.1080/0969725X.2024.2322271 .
38. John B. Davis and Solange Regina Marin, Identity and democracy: linking individual and social reasoning, Development, Volume (52), Issue (4), 2009. https://doi.org/10.1057/dev.2009.77 .
39. Mozaffar Qizilbash, Identity, community, and justice: locating Amartya Sen's work on identity, Politics, Philosophy and Economics, Sage, USA, Volume (8), Issue (3), 2009, https://doi.org/10.1177/1470594X09105386 .

40. NUNO MARTINS, Rules, Social Ontology and Collective Identity, Journal for the Theory of Social Behaviour, Wiley-Blackwell, USA, Volume (39), Issue (3), 2009. https://doi.org/10.1111/j.1468-5914.2009.00406.x .

Third: Websites

41. Amartya Sen, Biographical Information, Harvard University, Accessed February 1, 2025. https://scholar.harvard.edu/sen/biocv.
42. Amartya Sen, Curriculum Vitae, Harvard University, January 2013, Accessed February 1, 2025. https://scholar.harvard.edu/sites/scholar.harvard.edu/files/sen/files/cv_sen_amartya_jan2013_0.pdf.
43. The Nobel Prize, The Sveriges Riksbank Prize in Economic Sciences in Memory of Alfred Nobel 1998, Accessed February 1, 2025. https://www.nobelprize.org/prizes/economic-sciences/1998/summary
44. United Nations Development Programme (UNDP). Human Development Report 1990: Concept and Measurement of Human Development. Accessed February 11, 2025. https://hdr.undp.org/system/files/documents/hdr1990encompletenostats.pdf.
45. University of Oxford. Romanes Lecture. Accessed March 11, 2025. https://www.ox.ac.uk/news-and-events/The-University-Year/romanes-lecture.

# مفهوم الهوية في فلسفة أمارتيا سِن

| |
|---|
| هاوكار رسول محمد |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كوردستان، العراق. |
| hawkar.mohammed@su.edu.krd |
| أمين فرج شريف |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، العراق |
| amin.sharif@su.edu.krd |

## الملخص

الهوية تُعد واحدة من القضايا الأكثر نقاشًا بين المفكرين السياسيين والاجتماعيين المعاصرين، وذلك لأن المجتمعات والأيديولوجيات لم تتمكن من تقديم حلول شاملة لهذه القضية. في السياق المعاصر، تحولت قضية الهوية إلى أزمة على مستويات الأفراد والجماعات والمجتمعات، مما دفع إلى طرح وجهات نظر متنوعة لمعالجتها. يُعد الفيلسوف الهندي أمارتيا سِن، الحائز على جائزة نوبل، أحد أبرز المفكرين الذين لا ينتمون إلى مدرسة فكرية أو أيديولوجية محددة، وقد قدم العديد من الأطروحات في مجالات الاقتصاد والسياسة، خاصة في قضايا مثل التنمية المستدامة، منهج القدرة، والعدالة، بالإضافة إلى طرحه رؤيته الخاصة حول الهوية.

ناقش سِن موضوع الهوية بناءً على تأثير تجربة اجتماعية شهدها، بالإضافة إلى تجربته الشخصية المتعلقة بتقسيم الأراضي الهندية. يرى سين أن الاحادية في الهوية وفرض الهوية الواحدة هما في الواقع مجرد أوهام تتعلق

بالهوية. عرّف سِن الهوية باعتبارها خيارًا عقلانيًا يتمتع بقيمته في سياقات مختلفة، مشيراً إلى أن الإنسان قد لا يمتلك دائماً القدرة أو الرغبة لاكتساب هويات معينة، لكنه يملك حرية اختيار هويات أخرى. كما يرفض سِن الاحادية الهوية بناءً على معايير ثابتة مثل الدين أو العرق، ويدعو بدلاً من ذلك إلى التعددية الهويات. من جهة أخرى، يرفض سِن أطروحة "صراع الحضارات" التي طرحها هنتنغتون، إذ يرى أن تأسيس هوية واحدة استنادًا إلى قاعدة حضارية واحدة أمر غير مقبول.

رغم عدم توافق سِن مع بعض آراء الجماعانية او المجتمعيين (Communitarians) حول كيفية إدارة المجتمع وقضية الهوية، إلا أنه ينتقد أيضًا طريقة تطبيق سياسات التعددية الثقافية (Multiculturalism)، معتبراً أن هذه السياسات قد تؤدي إلى العنف وزعزعة السلم الاجتماعي. يشير سِن إلى أن سياسات الهوية (Identity Politics) تعزز الانقسامات الجماعية وتساهم في تأجيج العنف. من أجل تحسين العلاقات الإنسانية وبناء مجتمع أكثر انسجامًا، يقترح سِن تبني هوية إنسانية مشتركة.

الكلمات المفتاحية : أمارتيا سِن، الهوية، أوهام الهوية، الهوية الأحادية، التعددية الثقافية

## The Concept of Identity in Amartya Sen's Philosophy

| |
|---|
| Hawkar Rasool Mohammed |
| Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq. |
| hawkar.mohammed@su.edu.krd |
| Assist. prof. Dr. Amin Faraj Sharif |
| Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq. |
| amin.sharif@su.edu.krd |

## ABSTRACT

**Identity is one of the most widely debated issues among contemporary political and social thinkers, as societies and ideologies have yet to provide comprehensive solutions to this issue. In the modern context, the issue of identity has escalated into a crisis at the individual, group, and societies levels, prompting the emergence of various perspectives aimed at addressing it. Amartya Sen, the Indian philosopher and Nobel laureate, is one of the most prominent contemporary thinkers who does not align with a specific intellectual school or ideology. He has proposed numerous theses in the fields of economics and political science, particularly on issues such as sustainable development, the capability approach, and justice, in addition to offering his views on identity.**

**Sen's discourse on identity is informed by both the social experiences he witnessed and his personal experiences, particularly related to the partition of India. He believes that the singularity and imposition of a single identity are illusions of identity. Sen defines identity as a rational choice that holds value in different contexts, asserting that while a person may not always possess the power or desire to adopt certain identities, they retain the freedom to choose from among multiple identities. Moreover, Sen rejects the singular conception of identity based on fixed criteria such as religion or race, advocating instead for mulri identities. Sen also critiques Samuel Huntington's "Clash of Civilizations" thesis, arguing that the establishment of a singular identity grounded in one civilizational foundation is untenable.**

**While Sen does not fully agree with some communitarian views on governing society and addressing the issue of identity, he similarly critiques the implementation of multicultural policies. He argues that such policies may exacerbate divisions and contribute to violence, ultimately undermining social cohesion. According to Sen, identity politics fosters group divisions and inflames violence. To improve human relations and build a more harmonious society, he proposes the adoption of a shared human identity.**

**Keywords: Amartya Sen, Identity, Illusions of Identity, Singular Identity, Multiculturalism**